# نەورۆز و ئیسلام

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : سایتی بەهەشت

www.ba8.org

پێداچوونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ علاقة عيد النيروز بالإسلام ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : موقع بەهەشت

www.ba8.org

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# نەورۆز و ئیسلام

ئاشکرایە کە میلەتی کورد یەکێکە لە میللەتە موسڵمانەکان ، وە هەر لەسەرەتای گەیشتنی ئیسلام بۆ ناوچە کوردیەکان ئەم میللەتە باوەشیان بۆ ئەم ئاینە پیرۆزە کردەوە تا ئەو ڕادەیەی کۆمەڵێك زانای پایەبەرز لە نێو ئەم میللەتە موسڵمانە دەرکەوتن بە شێوەیەك کە کتێبەکانیان بە سەرچاوەی گرنگی ئیسلام دائەنرێن لەوانەش (ابن خلكان و ابن صلاح شهرزوری و ابن قتيبه الدينوری وابن حاجب و زۆری تریش ) کە بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ دڵسۆزی کورد بۆ ئاینی ئیسلام ئەمە جگە لەوەی یەکێك لە سەرکردە هەرە ناودارەکانی مێژووی ئیسلام ( صلاح الدين الايوبی )یە کە کوردە ، بەڵام بەداخەوە لەم سەردەمە نەوەکانی صلاح الدين ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر جیاواز لەو ڕێگایەی ئەم سەرکردە گەورەیە گرتبویە بەر لە بەرەنگاری کردنی گاور و خاچ پەرستان و گێڕانەوەی زۆرێك لە وڵات و شارە داگیر کراوەکانی ئیسلام بۆ ژێر سایەی ئاڵای ئیسلام وەك ( میسر و شاری قودس و ... هتد ) بەڵکو نەوەکانی ئەم سەرکردەیە هاوکارن بۆ دوژمنانیان ، لەنمونەی ئەم هاوکاریانەش لاسایی کردنەوەی گاور و خاچ پەرستانە کە لە ڕاستیدا لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەیە چونکە دڵنیام ئەگەر حەقیقەتی شتەکان بزانن هەرگیز ڕۆڵەی کورد لەو کەسانە نین کوێرانە لاسایی خەڵکی خراپ بکەنەوە ، لەو شتانەش کە بێئاگان لێی ڕۆژی نەورۆزە کە تیایدا بەشێوەیەك ڕۆڵە موسڵمانەکانی کوردیان تێگەیاندوە کە جەژنێکی نەتەوەییە . بەڵام بەداخەوە هیچ وانیە چونکە ئەم ڕۆژە جەژنی ئەو کەسانەیە کە هەر لەکۆنەوە تا ئێستا چاویان لەسەر خاکی پڕ بەرەکەتی کوردستان بووە و هاوکار بوون لە داگیر کردنی و دابەش کردنی ئەم خاکە پڕ بەرەکەتە ، لەوانەش ئاگرپەرستان و خاچ پەرستان و گاوران کە هەمویان دوژمنی ئیسلام و کوردن دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت کە کورد یەکێکە لە میللەتە موسڵمانە کان کە پەیوەستن بە جێبەجێ کردنی فەرز و سونەتەکان و وە هیچیان لەو وڵاتانە کەمتر نیيە کە خۆیان بە موسڵمان ئەزانن ، بۆیە لێرەدا بە پێویستی ئەزانم حەقیقەتی ئەم ڕۆژە (نەورۆز) بۆ کوردان ڕون بکەمەوە بۆ ئەوەی شارەزابن لە ڕاستی یەکان.

## حەقیقەتی نەورۆز

زۆربەی سەرچاوەکان ئەڵێن ئەم ڕۆژە ( نەورۆز ) سەرەتای سەرهەڵدانی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ( 4700 - 270 ) پێش زاین . واتە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد) بە چەن هەزار ساڵێك . وە نەورۆز سەرەتا بەناوی (شم النسیم) ناسراو بووە ، بنچینەی ئەم وشەیە (شمو)ی فیرعەونیە کە وشەیەکی هیرۆگلیفیە ولای دێرینەکان ئاماژەی پێ دەکرێت بۆ سەرەتای دروست بوونی ژیان ، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردن وهاتنە کایەی جیهانە . واتە یەکەم ڕۆژێکە ژیانی دنیا تیایدا دەستی پێکردوە ، وە پێی دەوترا جەژنی (شموس) واتە ( زیندوبونەوەی ژیان ) بەڵام لەگەڵ بەسەر چوونی ساڵ و لەسەردەمی (قبگیەکان) ناوەکەی گۆڕا بۆ ناوی( شم ) پاشان وشەی ( نسیم ) ی بۆ زیاد کرا و بوە ( شم النسیم ) . چونکە پەیوەست بوو بە خۆش بوونی کەش و هەوا لەو ڕۆژە کە سەرەتای بەهارە . وەك سەرەتا ئەم جەژنە لای فیرعەونیەکان باو بووە لەوانیشەوە گوازراوەتەوە بۆ میلەتانی تر .

وشەی (شم) واتە : بۆن کردن

وشەی ( نسیم ) واتە : هەوای بۆن خۆش

هەمووی واتە : بۆنکردنی هەوای خۆش .

لەم ڕۆژەدا فیرعەونیەکان چەندین داب و نەریتیان هەبووە و پەیڕەویان کردوە لەوانەش لەو ڕۆژەدا بەیانی زوو لەخەو هەڵدەسان و ئەچون بۆ سەر ڕوباری نیل بۆ ئاو خواردنەوە و هێنانی ئاو بۆ شۆردنی ناو ماڵیان وەك نەریتێکی تایبەت بەو ڕۆژە ، پاشان دیوار و پەنجەرەی ماڵیان بە گوڵ ئەرازاندەوە و نانی خۆشیان ئەخوارد و بەخێزانی لەماڵ دەر ئەچوون ڕویان ئەکردە باخچەکان بۆ گەڕان و پیاسە کردن ، واتە ئەم ڕۆژەیان تایبەت ئەکرد وەك ئەمڕۆی خۆمان کە خەڵکێکی زۆر تایبەتی ئەکات بۆ سەفرە کردن و دەرچوون لەماڵ کە بەداخەوە بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لاسایی فیرعەونیەکان ئەکەنەوە . هەروەها لەم ڕۆژەدا هێلکە و نۆك و پیازیان ئەخوارد وەك نەریتێکی تایبەت بەو ڕۆژە ، هەروەها پیازیان ئەخستە ژێر سەرینەکانیان و لە بەردەرگای ماڵەکانیشیان هەڵیان دەواسی چونکە پێیان وابوو کە شەیتانەکان ڕاوئەنێ و هۆکاریشە بۆ شیفای هەندێ نەخۆشی.

پاشان لە فیرعەونیەکانەوە گەیشتە میلەتانی تر و ئاینەکانی تر لەوانەش :

1 ـ یهودیەکان / یەهودیەکانی میسر وەکو فیرعەونیەکان لە ڕۆژی نەورۆز جەژنیان ئەگێرا بەڵام کە وڵاتی میسریان بە جێهێشت ئەم جەژنە لەناویان کاڵ بووەوە و بەرەو لەناوچوون ئەچوو تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر لەیادیان کرد . پاشان جارێکی تر سەر لەنوێ کردیانەوە بە جەژن و ڕۆژی دەرپەرینی خۆشی بەڵام ئەم جارەیان بەناوێکی تر و لە پۆشاکێکی ئاینی پەیوەست بە ئاینەکەی خۆیان کردیانە جەژنی ڕۆژی ڕزگار بوونی موسا لەدەست فیرعەون و داروودەستەکەی . ناویان لێنا ( عید بساح ) .

2 ـ خاچ پەرستان / خاچ پەرستان وەکو یهودیەکان جەژنیان ئەگێرا ـ ئەمە لەکاتێکدا کە یهودیەکان هێشتا پیلانی کوشتنی عیسایان دانەڕشتبو ـ بەڵام کاتێك کە یهودیەکان لە پاش جەژنەکەی خۆیان پیلانی کوشتنی عیسایان داڕشت ، خاچ پەرستان لەو باوەڕەدا بوون کە لە 7 ی ابریل ڕۆژی هەینی ساڵی ( 30 ) زاینی لە خاچیان داوە و پاشان عیسای مەیسح لە ڕۆژی یەکشەممە لە نێو مردوەکان هەستاوەتەوە . بۆیە ڕا جیاوازیان لا دروست بوو سەبارەت بەڕۆژی جەژن گێران بەم بۆنەیەوە تا لە ساڵی 325 زاینی ( قسگنگین الاکبر ) هات و ئەم ڕا جیاوازیەی یەکلا کردەوە و بڕیاری دا کاتی ناوەند بوون و خۆش بوونی کەش و هەوای بەهار بکرێتە ڕۆژی جەژن گێران کە دەکەوێتە 21 ی مارس .

وە لەکاتێکدا کە ڕۆژو گرتنی خاچ پەرستان پەنجا ڕۆژ بوو ، ئەم جەژنە دەکەوتە ڕۆژانی ڕۆژوو گرتنیان ،نەیاندەتوانی بە ئاروزوی خۆیان بخۆن و بخۆنەوە ، بۆیە بڕیاریان دا ئەو جەژنە بگوێزنەوە بۆ دوای جەژنی زیندوو بونەوە ( عید القیامە ) بۆ ئەوەی هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت کە چێژ وەربگرن لەخواردن و خواردنەوە لەو ڕۆژەدا.

دواتر ئەم جەژنە تەشەنەی کرد و گەشتە زۆربەی وڵاتانی دونیا تەنانەت بابلی و ئاشوریەکانیش لەم.

ڕۆژە جەژنیان دەگێرا ، هەروەها لە لای ڕۆمان و جیرمانەکان ناسراو بووە بە جەژنی ( سەرپەرینی کاوڕ ) ، لەهەمان کات دا لای ڕۆمانیەکان بە جەژنی ( مانگ ) و لای جیرمەنیەکانیش بە جەژنی ( استر ) واتە ( خوای بەهار ) ناسراو بووە .

تەنانەت زۆرێك ئەڵێن کە ( النَّیْروز ) : وشەیەکە لە بناغەدا فارسیە و کراوە بە عربی ، ( نیروز ) یش واتە ڕۆژێکی نوێ ، کە جەژنێکە لە جەژنەکانی فارسە ئاگر

پەرستەکان بەڵکو بەیەکێك لەگەورەترین جەژنەکانیان دادەنرێت ، تەنانەت ( المقريزى ) لە باسی نەورۆز ئەڵێ داهێنانی ئەم جەژنە لە نێو فارسەکان لەلایەن پادشایەك بووە بەناوی ( جمشيد ) کە یەکێك بووە لە پاشاکانی فارسە ئاگر پەرستەکان ئەوەش لە پاش ئەوەی کە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی دەور و بەریا گرت و دوژمنی نەما ئەو ڕۆژەی کردە جەژن و ناوی لێنا (نوروز) واتە: ڕۆژی نوێ .

نەورۆزیش : یەکەمین ڕۆژی ساڵنامەی فارسەکانە و بە نەورۆز ناسراوە لەهەمان کاتیشدا یەکەمین ڕۆژی ساڵی قیبتیەکانە و بە جەژنی (شم النسيم) ناسراوە .

بەم شێوەیە بۆمان دەرئەکەوێ کە نەورۆز جەژنی ئەو میللەتانە بووە لە پێش ئیسلام کە باسمان کردن بەڵام لە ئیسلامدا بە جەژن دانەنراوە بۆیە بەشداری کردن تیایدا ئەم حوکمانەی خوارەوەی هەن :

1 ـ جەژن لە ئیسلامدا پەرەستنێکە لە پەروەردگار نزیکمان ئەکاتەوە ، لە ئیسلامیشدا تەنها دوو جەژن هەیە (ڕەمەزان و قوربان ) جگە لەم دوو جەژنە جەژنەکانی تر داهێنراون و بەشداری کردن و شادی کردن و پیرۆزبایی کردن تیایاندا قەدەغەیە بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە (أنس) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت : کە پێغەمبەری خوا هات بۆ مەدینە خەڵکی مەدینە دوو ڕۆژیان هەبوو تێیدا ئاهەنگیان دەگێڕا و یاریان دەکرد ، پێغەمبەری خوا لێی پرسین ئەم دوو ڕۆژە چین ؟ وتیان : لە سەردەمی نەفامیدا لەم دوو ڕۆژەدا ئاهەنگمان دەگێڕاو یاریمان دەکرد . پێغەمبەری خوایش فەرمووی : خوای پەروەردگار ئەم دوو ڕۆژەی بۆتان گۆڕی بە دوو ڕۆژی لەوان باشتر کە هەردوو ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕەمەزانە .

سەبارەت بە جەژنیش زانای پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيميه ) فەرمویەتی : (( جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکەیانی لەیەکتر پێ جیادەکرێتەوە.

2 ـ بەشداری کردن تیایدا لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەیە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی یە ، پێغەمبەری خوایش صلى الله عليه وسلم ئاگاداری کردووینەتەوە لەوەی کوێرانە لاسای گاوڕ و خاچ پەرەستان و ئاگر پەرستان نەکەینەوە هەروەك فەرمویەتی : ئەو کەسەی لاسایی هەر نەتەوە و ئایینێك بکات ، ئەویش لەوان دەبێت.

3 / بەشداری کردن لە ( نەورۆز ) خۆ شوبهاندنە بە گاوڕ و خاج پەرەستان ، سەبارەت بە خۆ شوبهاندنیش خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : [ **وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذَاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ** ] **( البقرة : 145 )** ، واتە : سوێند بێت بە خوای پەروەردگار ئەگەر تۆ دوای ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت دوای ئەو زانینەی ( سروش ) کە بۆت هاتووە بە ڕاستی ئەو کاتە تۆ لە ستەم کاران دەبیت ..

زانای پایە بەرز ( ابن  تیمیە ) سەبارەت بەڕاڤەی ئەم ئایەتە فەرمویەتی : (( ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەدات کە پێچەوانە کردنەوەیان ( واتە : گاور و خاچ پەرەستان ) گشتی یە و لە هەموشتێکدایە )) کەواتە نەورۆزیش ئەگرێتەوە

هەروەها زانای پایە بەرز ( ابن  تیمیە ) فەرمویەتی : (( خۆ شوبهاندن دەبێتە هۆی خۆشەویستی و حەزلێکردن و پشتیوانی و کردنیان بە دۆست دانانیان لە ناخدا ، هەروەها خۆشەویستی ناخ دەبێتە هۆی خۆشوبهاندن لە ڕوکەشدا)) .

ئاشکرایشە نەورۆز پێش ئەوەی ببێتە جەژنێکی نەتەوەیی کوردی جەژنی فیرعەونی و گاورو خاچ پەرستان وفارسە ئاگر پەرستەکان بوە

4 ـ هەموو گەل و نەتەوەیەك خاوەن ئاینێکی تایبەتە بە خۆی هەموو ئاینێکیش خاوەن جەژنی تایبەتە بە خۆی وەك پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم بە ( أبو بکر) ی فەرموو : " ئەی ئەبو بەکر هەموو گەلێك جەژنی تایبەتی خۆی هەیە ئەمیش جەژنی ئێمەیە ، ( واتە : ڕەمەزان و قوربان ) ، وە هەروەها خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: [ **لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا** ] **(سورة المائدة : 48 )** ، واتە : هەریەکێك لە ئێوە شەریعەت و پەیڕەوێکی تایبەتمان پێ بە خشیون ، بۆیە گەر جەژنێك تایبەت بوو بە گاور و خاج پەرەستان و ئاگر پەرستانەوە قەدەغەیە موسڵمان بە جەژنی خۆی بزانێت ، وەك چۆن جەژنەکانی ئێمەش قەدەغەیە لە لای ئەوان .

5 / جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکانی پێ لەیەك جیادەکرێتەوە ، کەوابوو جەژنەکان یەکێکن لەڕوەکانی جیاکردنەوەی موسڵمانان لەگاور و خاچ پەرەستان ، خوای پەروەردگاریش ئەفەرمووێ : [ **إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ** ] **( آل عمران : 19 )** ، واتە : بەڕاستی دینی پەسەند کراو لە لای خوای پەروەردگار دینی ئیسلامە ، ئایینی ئیسلامیش نەورۆز و جەژنە داهێنراوەکانی تری قەدەغە کردووە وە (

ڤالنتاين و سەری ساڵی زاينی و لەدايك بوونی پێغەمبەر و .... هتد ) و لەئيسلامدا هيچ بنەوايەكيان نيە واتە لە لايەن خوای پەروەردگارەوە قەدەغەكراون .

6 / ئەو كردار و گوفتارانەی لەم جەژنە ئەنجام ئەدرێ ناشەرعيە .

7 / بەجەژن دانانی ئەو ڕۆژە دوای ئەو فەرمودانەی كە باسمان كردن بەدژايەتی كردنی ئاينی خوا حيساب دەكرێت وە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو ڕۆژە وەكو جەژنێك بەمانای ئەوە دێت كە خوای گەورە ئاينەكەی بە كاملی دانەبەزاندووە ، و پێغەمبەی خوايش صلی الله عليه وسلم خيانەتی لە گەياندنی ئاينەكەكردووە بۆيە تۆ لەبەردەم دوو وڵامدای يەكەم : دەزانی حەرامە و كەچی سەرپێچی پەروەردگارت ئەكەيت ، كە ئەمەش سزايەكی سەختی لەدوايە . دووەم : واهەست ئەكەيت كە ئاينی ئيسلام كامل نيە و قەدەغەی ئەم جەژنانەی نەكردووە و لە كاتێكيشدا خوای گەورە ئەفەرموێ: [ **الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا** ] **( سورة المائدة : 3 )** ، واتە : ئەمڕۆ ئاينەكەتانم بۆ تەواو ( كامڵ ) كردوە و چاكە و بەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا ، و ڕازی بووم كە ئيسلام ئاينتان بێت ، بزانە ئيسلامی كردووەتە ئاينمان و ( جەژنی رەمەزان و قوربان ) يشی كردۆتە جەژن بۆمان كە هەمووی خۆشەويستی و گەياندنی پەيوەندی خزمايەتی ، بۆيە ئەگەر ئەتەوێ بەشداری بكەی ئەم ئايەتە بخوێنەوە پاشان بڕيار بدە: [ **وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ** ] **( آل عمران : 85 )** ، واتە : هەر كەسێك دوای دينێك بكەوێت جگە لەدينی ئيسلام ، ئەوە لێی وەرناگيرێت ، و لە ڕۆژی دواييدا لە زەرەرمەندان دەبێت .

لە كۆتاييشدا گەيشتينە ئەنجامێكی ڕوون و ئاشكرا كە ئاينی پيرۆزی ئيسلام بۆ هەموو نەتەوە و گەلان بەبێ جياوازی نەتەوايەتی دوو جەژنی داناوە جا دەبێت موسڵمانان پابەند بن بە ڕێنمايی ئاينەكەيانەوە بە تايبەت ميللەتی كورد ، چونكە :

1 ـ بناغەی ئەم جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فيرعەونيەكان لە نێوان ساڵانی ( 4700 ـ 270 ) پێش زاين واتە بە سالانێكی زۆر پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ماد كەوابوو لە دوو لاوە جەژنێكی تايبەت نی يە بە كوردەوە

يەكەم / دروست كراوی فرعەونيەكانە

دوەم/ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ماد باو بوە .

2 ـ هۆی بڵاو بونەوەی دەسەڵاتی (جمشید)ی پادشای فارسەکان بەسەر ناوچەکانی دەورو بەر کە کوردستانیش لەو ناوچە داگیر کراوانە بووە کە پادشای ناوبراو داگیری کردوە . وەك ئەڵێ کە دوژمنانی نەما ئەو ڕۆژەی ناو نا ( نیروز ) واتە :ڕۆژێکی نوێ . کەواتە پادشای ناو براو دامەزرێنەری نەورۆز کوردی بە دوژمنی خۆی زانیوە .

3 ـ پێش ئەوەی بکرێتە جەژنی نەتەوایەتی کورد جەژنی فیرعەونیەکان بووە پاشان گوازراوەتەوە بۆ یهودیەکان لەوانیشەوە بۆ خاچ پەرستان لەوانیشەوە بۆ فارسە ئاگر پەرستەکان بۆ ئەوانی تر تا گەیشتوەتە کورد . هەموویشیان دوژمنی سەرسەختی کورد و ئیسلامن.

4 ـ لە ئاینی خاچ پەرستان ڕۆژی جەژنەکە گۆڕاوە بۆ پاش ڕۆژوو گرتن واتە لە ڕۆژی ڕاستەقینەی خۆی نەماوە .

5 ـ جەژنی ئاشوری و بابلی و ڕۆمان و جیرمان و فارسە ئاگر پەرستەکان بووە .

هەربۆیە لە کۆتاییدا ئەڵێم : بەشداری کردن لەم جەژنە واتە زیندو کردنەوەی دابوو نەریتی بت پەرەستی و ئاگر پەرەستی و لاسایی کردنەوەی فارس و گاور و خاچ پەرستانە کە هەرهەمویان دوژمنی سەرسەختی کورد و ئیسلامن و کوردیش نەتەویەکی موسڵمانە ئەم جەژنەش هیچ بنەوایەکی لە ئاینی کورد دا نیە بەڵکو هاوەڵان و زانایان بە جەژنیان نەزانیوە .

ئەم ڕوونکردنەوەیە وەك دڵسۆزیەك بۆ میللەتی کوردی خۆشەویست و ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەگینا باسەکە زۆر لەمەزیاتر هەڵدەگرێت بە هیوای ئەوەی لە ئایندەدا زۆر بە ئەکادیمیانە ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی دەربارە بکرێت .